

## *بانگە واز بو خوپێشاندان*

## Protestkundgebung

بەمەبەستی مەحکووم کردنی سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوە ئێعترازی‌یەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، دیاسپۆرای کورد لە هەموو وڵاتانی ئۆرووپا، ئەمریکا، کانادا، ئۆسترالیاو نیوزلاند ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2005\08\11 سەعاتی 14 لەبەردەرگای وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە کۆدەبێتەوە .

ئامانج ئەوەیە کە بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتانە و ناوەندەکانی بڕیار، لە سەرکوتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئاگادار بکرێن و بخرێنە ژێر فشار تاکوو ئەو ڕێژیمە ناچار بە دەستهەڵگرتن لە سیاسەتی زەبر و زەنگ نواندن بەرامبەر بە داخوازە ڕەوا و ئینسانی‌یەکانی گەلی کورد بکەن .

کوردەکانی دەرەوی وڵات لە هەموو ئەو وڵاتانە دا و، دۆستە ئێرانی و غەیرە ئێرانی‌یە ئازادیخوازی‌یەکانیان نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممۆ ڕێکەوتی 2005\08\11 بە ڕێپێوانی هێمنانە بەرەو وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە وەڕێ دەکەون. لە گۆڕەپانی وەزارەتی دەرەوە کۆدەبنەوە و هەرلەوێ بڕیارنامەیەك پەسند دەکەن. ئەو بڕیارنامەیە دەدرێ بە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەو سەفارەتی هێندێك لە وڵاتەکانی دیکە .

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەم ڕێپێوانە داوا لە هەموو کوردەکانی دەرەوەی وڵات و دۆستەکانیان و هەموو ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری‌یەکانی ئە وڵاتانە دەکا کە لەو ڕێپێوانەدا بەشدار بن و دەنگی ناڕەزایەتی و بێزاریی خۆیان بە دژی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرببڕن .

بەشداریتان لەو خۆپێشاندانانەدا پشتیوانی‌یەکی بەهێزی سیاسی‌یە لە بزووتنەوە ئیعترازی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران و، ئیرادەی ئەوان بۆ درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی زیاتر دەکا .

بە سوپاسەوە

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی خۆپێشاندانەکان

## Protestkundgebung

**Aus Protest gegen die anhaltenden Verbrechen des Mullahregimes in Kurdistan und als Solidarität mit der kurdischen Bevölkerung rufen wir zur einer Protestkundgebung in Wien auf und bitten um Ihre solidarische *Teilnahme.***

Wo: Österreichische Außenministerium – Minoritenplatz 8 1010 Wien
Wann : Donnerstag 11.08.05 Um 14 Uhr